**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٥٧٨٥ لە ٢٠٢٢/٤/١٧**

**بڕیاری ژمارە (١٤٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو ، و ئاماژە بە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٨٠) لە٢٠٢٢/٤/١٣، و لە پێناوی بەرگرتن لە گرانبوونی نرخی گۆشتی سوور لە بازاڕەکانی هەرێمی كوردستان ، و لەسەر پێشنیاری وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** هەڵپەساردنی وەرگرتنی ڕەسمی باج و ڕەسمی گومرگی لەسەر ئاژەڵی هاوردەكراو تا كۆتایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ئەمساڵ.

**دووەم:** هەڵپەساردنی كاركردن بەمەرجی مۆڵەتی هاوردەكردن (اجازه الاستيراد) بۆ هاوردەكردنی ئاژەڵ بۆ ماوەی (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ بە ڕەچاوكردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١- جێبەجێكردنی سەرجەم ڕێنمایی و پشكنین و ڕێكارە ڤێتێرنەرییە كارپێكراوەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو لە هاوردەكردنی ئاژەڵ لە دەروازە سنوورییەكان وخاڵە گومرگییەكان
٢- هاوردەكردنی ئاژەڵی زیندوو بەپێی ئەم بڕیارە تەنها بۆ دابینكردنی گۆشتی سوور لە بازاڕەكانی هەرێمدا دەبێت بەپێی مەرج و ڕێنماییەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو و ئەم بڕیارە هاوردەكردنی ئاژەڵ بۆ مەبەستی دیكە ناگرێتەوە.
٣- ڕەچاوكردنی دۆخی لەوەڕگا و كەمیی ئالیك و ماددەی عەلەفییەكان و گرانبوونی نرخەكانیان كە پێویستە بە شێوەیەك بێت كارنەكاتە سەر لەوەڕگای ئاژەڵی ناوخۆ.
٤- كاریگەریی نەرێنی نەبێت لەسەر سامانی ئاژەڵیی ناوخۆ.

**سێیەم:** وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو پێداچوونەوەی پێویست دەكات بە دەرئەنجامەكانی جێبەجێكردنی ئەم بڕیارە لە دوای تێپەڕبوونی (٦٠) شەست ڕۆژ بەسەر جێبەجێكردنیدا لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەكان لەو ماوەیەدا و بەرزكردنەوەی ڕاپۆرت و پێشنیاری پێویست بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن وەزارەتەوە.

**چوارەم:** وەزارەتە پەیوەندیدارەكان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**